# تاوان

**کیژۆڵەیەکی شاعێریان**
**بەتاوانی عاشقی و**
**شێعر کوتن لە دار ئەدا**
**لە دوایین کاتی ژیانیدا**
**پێنوو سێکیان دایە دەستی**
**کوتیان :**
**ئەگەر خۆت بنووسی تاوانم کرد**
**لێت خۆش ئەبین،**
**بۆ دوایین جار**
**بەرە و دورگەی ئەوین ویار**
**چووە ژوانی وشە و دڵدار**
**دەستی دایە پێنووسی پیر**
**هەستی جما و کەوتە سەما**
**بە دەسرۆکەی دیاریی ژوانی دڵدارەکەی**
**ڕەوە وشەی عاشقانەی**
**لە چاوانی پێنووس سڕی**
**لە ئاکام دا**
**بالندە شێعرێکی عاشق دای لە شەقەی**
**باڵ و فڕی...**

**شەریف فەلاح "هێژا"**

# ئەمان

بۆت نووسیوم: چی نەمابوو ڕۆژێك بمری
لێت پرسیوم بلێی لە سەر قەبرم بگری؟
ئازیزەکەم ژین شیرینە تا دەمێنی
بیری مردن قەت بە دڵت دا نەهێنی
بەلاّم ڕۆژێکی کە ئەجەلمان بگاتێ
ژەهری تاڵی جوانەمەرگیمان بداتێ
من نامێنم تا فرمێسکم بە ڕوو دابێ
تابووتی من بە دووی تابووتی تۆدا دێ
بەلاّم ئەگەر من بمرم و تۆ بمێنی!
بلێی جاریك گوڵێك بۆ سەر قەبرم بێنی؟

((ڕێبـــــــوار))

# شێعری خاڵ

دیارە تۆ سەودات دەگەڵ سروە و شەماڵاکردووە

بۆیە هەستم باوەشی بۆ بەستە واڵا کردووە

خوێنی عەشقی تێگەڕاوە گوڵ وشەی پەخشانی من

کێ دەڵێ پشتم لە چاو و بەژن و باڵا کردووە

پۆست مۆدێرن شێعری خاڵ و کورتە چیرۆکی نیگات

بۆیە دنیا رووی لە نووسین و موتاڵا کردووە

ئەو نیگایەی هێرمنۆتیك شەرح و راڤەی هەر نەکرد

ئێستە تەفسیریم لە نێو زانکۆی خەیاڵا کردووە

بووکی هەڵبەستم لە گێژاوی شەپۆلی پەرچەما

هەر مەگیرانی بە بۆنی سەوزی ئاڵا کردووە

ئایەتی عەشقی دەهێنا دوێنێ جوبراییلی رووت

بۆیە من دەستم بە کرنۆش و سکاڵا کردووە

رەسووڵ سوڵتانی
١٣٨٣/٣/٢١

# گۆرانی عاشقانە



جوبران خلیل جوبران

شاعیرێك هۆنراوەیەکی عاشقانەی هۆنیەوە و چەندین دانەی لێ نوسیەوە و بۆ دۆست و هاوڕێ و ژن و پیاوەکانی نارد.تەنانەت دانەیەکیشی بۆ ژنێکی جوان نارد کە تەنیا یەك جار بینی بووی و لەوبەر کێوەکانەوە دەژیا.

یەك دوو رۆژ دواتر ,نامەیەك لەلایەن ژنەوە گەیشتە شاعیرەکە کەتیایدا نووسیبووی:

"بهێڵن خاترجەمتان بکەم ,ئەو هۆنراوەیەی بۆ منتان ناردبوو زۆر کاری تێ کردم .هەنووکە بێن و دایك وباوکم ببینن تا جەژنی زەماوەندەکەمان رێك بخەین."

شاعیرەکەش وەڵامی نامەکەی دایەوەو و نووسی:"هاوڕێکەم,ئەمە تەنها هۆنراوەیەکی عاشقانە بوو کە لە دڵی شاعیرێکەوە هەڵقووڵیوە و هەر ژن و پیاوێك دەیخوێنێتەوە."

ژنەکەش دووبارە وەڵامی نامەکەی شاعیری دایەوە:"قەلەموون سیفەت و درۆزن! لەمڕۆوە هەتاوەکوو دەمی مەرگ بەهۆی ئەو کارەتەوە ,لە شاعیران بێزارم."

## ڕۆژ شادی

شادی خوا حافیز ئاخر دیدارەن
لوایم جە داخی ئامای ئەغیارەن
مەردەی وەشتەرەن تا گم کەم مالْ
نەوینوو ناکەس دەم نیان خالْ
وەردە بابلوو بڕیۆ حەسرەتم
چەم بدزووەوە شۆن بەختی نگبەتم
ئومێد و مەنەیم چەنە ویەردەن
ئەندامێم سێوەر وێشان گم کەردەن
ئەجیام بە وەسڵەت مەکەریم دلۆش
تاج و دلْداریم مەکەری پێشکەش
نەزانام وێلْی مەی وەپێشوازم
خمەڕەژەی کێوان مەوۆ هاوڕازم
سەرم بە شارەگ سۆتەی کەساسۆ
جە حەملەی خەیالْ حەر هۆرمەماسۆ
هەر ئینە خاسەن بێ ترس و خەتەر
سارای غەریبی بگێروونەوەر
تۆیچ مەوە خەرەی دنیای بێ دەربەس
گەردوون پەی وەفاش نەنیان وەرپەی کەس
ئەر ئاماو بێ من نەکەوتی وەخەو
گۆش دە وە قالْەی تاق تاق کەرەی شەو
مەلوو یاگێوە سارا بوو ڕەوان
چەمچەکولْە و عەشقی تیرەکۆلێش نەوان
جارجار وەهەرەس کەرە یادم
بابێزاری عەشق نەکەرۆت خجلْ
چەمیچت بدیۆ جە مەغریوی مات
چەرخێو مەچەك سەر بوزۆ و نەڕات
شایەد وەپیری هۆرگێلامەوە
تۆم دیەی ئەوسا سەر نیامەوە

**ئیبراهیم ڕەحیمی**

## غیرەت ناکەم...

**من بووم بە بالْندەیەك**
**پڕ بە حەزم بالْ دەگرم بەرەولای هێلانەی ئامێزی تۆ**
**بەلام ناتوانم   ناتوانم !**
**پووشی هێلانەکەت درووە**
**من بووم بە بارانێکی غەریب**
**لە بیابان دا**
**هەرچی خۆم دەبارێنم**
**کەچی نامێنم , نامێنم ! زوو وشك دەبمەوە**
**من بووم بە پەروانەیەك و**
**گوناحم تەنها ئەوەندەیە عاشقی ڕووناکیم**
**سوود ناکەم  سوود ناکەم !**
**بە قیشێکی زۆرەوە دێمە لای مۆمی عیشقت , بەلام دەسوتێم**
**من بووم بە بەندەیەك و**
**تۆش وەك خوا چاو لێ ئەکەم**
**بەلام تێناگەم . . تێناگەم !**
**هەرچی چاکە دەکەم هەر بە بەهەشتی ئامێزی تۆ ناگەم**
**تۆم لێ بووە بە کۆشکی ئاواتەکانم و**
**بەرەو لات ڕائەکەم , ڕائەکەم !**
**بەلام تۆ زۆر لە خۆت ڕازیت و لێك دوورین**
**تۆ وەك ئاسمان . . من وەك زەوی**
**تۆ وەك پێکەنین و من وەك گریان**
**تۆ حەزیت لە تێر بوونە**
**هەرچی ئەکەم لەوەندە زیاتر تێرت ناکەم**
**تۆ وەك سێبەری خۆم وایت**
**هەرچی ڕائەکەم بەرەولات قەت پێت ناگەم !؟**

*        *        *

خەبات هونەرمەند